
# هاتنەخوارەوەی فریشتەکان




نووسینی: کۆلین تومپسۆن

کردنە کوردی: جەبار جەمال غەریب


لەندە سیدنی ئۆکلان جۆنسبێرگ

کتێبی منداڵ

١٦


# هاتنەخوارەوەی فریشتەکان





نووسینی: کۆڵین تۆمپسۆن

کردنە کوردی: جەبار جەمال غەریب


پیاچوونەوەی: ئازاد بەرزنجی


یەکەم جار کە سالی فڕی هەتا پێش ئەوەبوو کە گاگۆڵکێش
بکات. هەر کە دایك و باوکی نووستن سالی بەسەریاندا
بەرز بۆوە، ئەم کیژۆڵەیە لەوە بچووکتربوو بتوانێ قسەبکات،
لەوە بچووکتریش بوو بتوانێ بە وشە بیر بکاتەوە.






که بۆ یەکەم جار سالی کەسێکی دیکەی دی بفڕێت، حەوت سالآن بوو.
دایکی لە دوا نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا نووستبوو،
لە پەنایدا و لەنێو گیاکەدا برا بچکۆلەکەی "پیتەر" لە سێبەری دایکیدا
خۆی گرمۆڵە کردبوو. کە سالی کەوتە سەر باخچەکە دیتی منداڵەکە
دەکشێتە دەرێ و لە هەوادا بەرزدەبێتەوە.
دەشێ تەنها ئێمە وا بین، شتێکی
تایبەت بێ بە خێزانی ئێمە، سالی وای بە بیرداهات.






به تێپەڕبوونی سالاّن، سالی بۆ کێو و شوێنە
خۆش و سەرنجڕاکێشەکان فڕی، زەوییە دوورەکان
ئەوانەی تەنها لە کتێبدا دیبوونی.
دوا نیوەڕوانیش لە نزیك جێگاکەی نەنکیەوە دادەنیشت و
حیکایەتی هەموو ئەو شتانەی دیبوونی بۆی دەگێڕایەوە.
دایکی گوتی:
–تۆ و چیرۆکە هیچەکانت، وەختی ئەوە هاتووە
دابەزنە سەر زەوی.
کە دایکی لە ژوورەکە چووە دەرێ، سالی گوتی
–ئەوانە چیرۆك نین.
نەنکی تەنها زەردەی دەهاتێ.







سالی بە خۆی گوت، من ئەوە دەسەلمێنم، بەیانی ڕۆژی ئایندەش، کاتێك هەمووان هێشتا نوستبوون، ئەو بەرەو ئەفەریقا فڕی. ڕوانیە خۆرەکە چۆن بەسەر ئاسۆدا دەخشێ و دنیا بۆ ڕۆژێکی دیکە وەئاگادێنێ. فڕیە نێو قووڵترین بەشی دارستانە هەرە چڕەکان و نێو لقەکانی دارێکی گەورەی کردارەوە، لەوێدا گوڵەستێرەیەکی جوانی دۆزییەوە و بۆ داپیرەی هێنایەوە






ڕۆژی ئاینده سالی فڕیە نێو بیابان و
لەوێ بەردی پیرۆزی بۆ دایکی هێنایەوە





ڕۆژی دواتر، فڕیە کەنارەکانی پەتەگۆنیا و لەوێ هێلکە شەیتانۆکەی بۆ نەنکی هێنایەوە.






گەرمترین هاوین بوو، هەموو لە بیریانە گیزەگیزی مێش و مەگەز هەواکەی دەلەراندەوە و ئەو ناوە پڕبووبوو لە بۆنی گولۆ. سالی لە پەنا پەنجەرە کراوەکەی ژووری نەنکی دانیشتبوو، هەوڵی دەدا شنە با بگرێ. خانمە پیرەکە گوتی:

–دەزانی  حەزدەکەم جارێکی دیکە پێش ئەوەی بمری چ ببینم؟

سالی گوتی: "چی؟"

ژنە پیرەکە گوتی: "بەفر"


ئاوا سالی کشایە دەرێ و چووە بنی باخچەکان و بۆ باکوور فڕی. بە ئاسماندا سەرکەوت، هەرگیز ئەوەندە بەرز نەفڕیبوو. سالی دوای خۆر کەوت کە بە دەوری دنیادا دەسووڕایەوە. لوتکەی شاخەکانی دەکردە زێڕ، هەتاکو گەیشتە کێڵگە بێ کۆتاییەکانی بەفر.






لەویٚ لە کیٚڵگە مەزنە سپییەکاندا، کە کەس بەنیٚویاندا نەڕۆیشتبوو، سالی یەکەم شویٚن پیٚی مرۆڤی لەویٚ خستە سەر زەوی. تۆپەڵە بەفریٚکی خڕکردەوە و بەرەو ماڵ فڕیەوە.











سالی تۆپە بەفرەکەی دایە دەست نەنکی و گوتی: ئەوتا، داپیرە ئەوەتا.
نەنکی سالی پەنجەی بۆ سندوقێکی بچووك ڕاکێشا، گوتی: "ئەوەم بۆ بێنە".
سندوقەکە کرابووە بەشی جیاجیا، لە یەکێکیاندا گوڵەستێرەی
وشك هەبوو، لە یەکێکی تریاندا بەردی پیرۆز، لە
یەکێکی تریشیاندا دەریاچەیەك.
ژنە پیرەکە گوتی: "تۆپە بەفرێکی لێیە من بۆ نەنکی خۆم هێنابوو.."
سالی گوتی: کەواتە تۆش دەتوانی بفڕی.
-بەڵێ
سالی پرسی: کەواتە بۆچی هەموان ناتوانن بفڕن؟
چونکە ئەوان لە بیریان چۆتەوە چۆن بفڕن و جارێکیش
لە بیرتچێتەوە، ئیتر هەرگیز بۆت ناگەڕێتەوە.


هەندێ کەس
دنیا
بە چاوەکانیان
دەبینن




هەندێ کەس
دنیا
بە دڵیان
دەبینن.


CAFE MAX



"هەموو ئەوەی پێویستە لە سەرت بیکەی ئەوەیە کە خەونەکانت بپارێزیت"
پیرێژنەکە تۆپە بەفرەکەی خستە نێو دەریاچەکەی ناو سندوقەکە و لەوێدا بەفرەکە توایەوە.


زستان بە خۆی و گەردەلوولەکانییەوە هات و فڕینی زەحمەتکرد. هەفتەکانی ئاسمانە خۆڵەمێشییەکانیش پێدەچوو هەرگیز دواییان نەیەت. سالی لە پەنا پەنجەرەی ژووری نووستنی داپیرەیدا دانیشتبوو و سەیری بارانی دەرەوەی دەکرد.

پیرێژنەکەش زۆربەی کات دەنووست. کە بە ئاگادەهات سالی چیرۆکەکانی بۆ دەخوێندەوە

پیرێژن گوتی: تۆ دەزانی ئێستا چ شتێك زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشە؟

–چی؟

–فڕینی دوور لە دارە مردووەکان و ئەو هەموو سەرمایە، فڕین بەناو هەتاودا، بەناو کێڵگە سەوزەکاندا.





هەر واشیان کرد، کاتێك هەموو ئەوانی دیکە نووستبوون، سالی پاڵتۆیەکی ئەستووری لەبەر نەنکی کرد و ملپێچی لە مل پێچاو هەردووکیان بەرەو نێو تاریکیی شەوی زستان هێڵی ئیستوایان بڕی و بەرەو خوار بە دەوری زەویدا شۆڕبوونەوە هەتاکو هاتنە ئەو دوورگە زێڕینانەی لەنێو دەریای شینی بیٚ کۆتا دانیشتبوون.

ئەودەمەی نەنکی لە کەنار دەریا نوستبوو سالی لە گۆمێکی ڕووندا مەلەی دەکرد.

کە بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە، سالی گوتی:


–ئەگەر لە فڕین بەردەوام بیت، دەتوانی هەموو ژیانت لە ڕۆژدا و لەبەر هەتاو بەسەر بەری.






که خۆر دووباره هەڵاتەوە، ئەوان بەنێو پەنجەرەی ژووری نووستندا هاتنەوە ژوورێ و کاتێك ئەوانی دیکە هەموو بە ئاگاهاتن ئەوان نووستن.

نەنکی سالی خەونی بەو کاتەوە دی کە لە تەمەنی سالیدا بوو و یەك بە یەك سەردانی ئەو شوێنە خۆشانەی کردەوە کە کاتی خۆی بۆیان چووبوو و کە گەیشتە شوێنی دڵخوازی خۆی، دواهەناسەی هەڵکێشا و بۆ ئەبەد لەوێ مایەوە.







سالی گەورە بوو، بەڵام هەرگیز خەونەکانی لەدەست نەدا، کاتی وا هەبوو سەخت و
گران بوو، کاتیش هەبوو ئاسانتر بوو بۆ هاتنە خوارەوە بۆ سەر زەوی ونەفڕین بۆ جارێکی دیکە.
لەو ڕۆژانەدا سندوقەکەی نەنکی هێنایە خوارێ و پەنجەکانی لە دەریاچەکە وەردا.
سالی لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا فڕی، کە ئەوانیش منداڵیان بوو لەگەڵ ئەوانیش فڕی..
بۆ نێو دارستانە هەرە چڕەکان، بۆ ئەهرامەکان، بۆ کێڵگەکانی بەفر و لە کۆتایشدا
بۆ کەنارە زێڕینەکانی دەریاچە ڕوونەکان.






هاتنه خوارەوەی فریشتەکان

نووسینی: کۆڵین ثومپسۆن

کردنه کوردی: جەبار جەمال غەریب

پیاچوونەوە: ئازاد بەرزنجی

پڕۆژەی کتێبی منداڵ (١٦)

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرپەرشتیار: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

نەخشەساز: قادر میرخان

چاپ: ئۆفسێتی شڤان

نرخی:  پێنج دینارە